# هیچ شتێک وەکو ڕەوشت جوانی لە تەرازوودا قورس نییە لە ڕۆژی قیامەتدا، وخوای گەورە ڕقی لە کەسی جوێندەر ودەمشڕە

لە ئەبی دەردائەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «هیچ شتێک وەکو ڕەوشت جوانی لە تەرازوودا قورس نییە لە ڕۆژی قیامەتدا، وخوای گەورە ڕقی لە کەسی جوێندەر ودەمشڕە».
[صەحیحە]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە قورسترین شت لەسەر تەرازووی بەندە لە ڕۆژی قیامەتدا لە کردەوەکان وقسەکان بریتیە لە ڕەوشت جوانی، ئەمیش بە ڕوو خۆشی، وئازار نەدان، وچاکەکاری دێتە دی. خوای گەورە ڕقی لە ئەو کەسەیە کە کردەوە وقسەی ناشیرینە، ودەمشڕە وزمانی پیسە لەو قسانەی دەیڵێت.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee